# "یەکگرتووی ئیسلامی لە بنەڕەتەوە هێزێکی گەندەڵو کۆنەپەرستو کۆڵەکەیەکی تیرۆریزمی ئیسلامیە لە کوردستان"

**گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد لەبارەی "هەڵبژاردن"ی 12/15ەوە**

**سازدانی: سەعید ئەحمەد**

**ئۆکتۆبەر: لە بانگەوازەکەتدا بۆ خەڵکی کوردستان کە لەم ژمارەیەی ئۆکتۆبەردا بڵاومان کردۆتەوە داوات لێکردووون ئەم "هەڵبژاردن"ە موقاتەعە بکەنو ئەو ڕۆژە لەماڵ دانیشنو نەیەنەدەرێ.. وە ئەمەت بە "هەنگاوێکی کاریگەر" وەسف کردووە. پرسیاری من ئەوەیە بایەخی ئەم بەشداری نەکردنەی هەڵبژاردن لەچیدایەو بۆچی دەبێ خەڵکی کوردستان بەشداری دەنگدان نەکەن؟ وایدابنێین خەڵکی بەشدارییان نەکرد، گرنگی ئەمە لەچیدایە؟**

ریبوار ئەحمەد: ئەمریکاو دەستو پیوەندەکانی بە ناسیونالیزمی کوردو باندە ئیسلامیەکانی کوردستانیشەوە، دەیانەوێ ئەم سیناریۆی هەلبژاردنە وەکو هەنگاویك لە ریگای داسەپاندنی حکومەتیکی کۆنەپەرستانەی قەومی ئیسلامی بەسەر کۆمەلگای عیراقو کوردستاندا، بەرپابکەن. دەیانەوێ بەم جۆرە شەرعیەت بۆ دەسەلاتی داسەپاوو نا مەشروعیان دابتاشن. پیش هەر شتیك گرنگی موقاتەعەکردنو ناکام کردنەوەی ئەم سیناریۆیە لەوەدایە کە خەلکی کوردستان هاوشان لەگەل خەلکی عیراق ریگا بەم داتاشینی مەشروعیەتە دەگرن.

ئەوان دەیانەوێ حکومەتیکی کۆنەپەرستو گەندەلو دەسکەلا، بکەنە ئامزای داسەپاندنو بەریوە بردنی دەستوریکی فاشیانەی قەومیو ئیسلامی کە هەزارو یەك لیکچونی لەگەل دەستورەکەی رژیمی بەعس هەیە. دەستوریك کە تروسکاییەکی بۆ ئازادیو ئارەزوە مودیرنەکانی خەلکی متمدنی عیراقو ژنانو لاوان تیا نیەو بە نەریتی عەشایەریو ئیسلامیو شمشیرو عەمامە لەگەل ئەم ئاواتو ئارەزوانە مامەلە دەکات. خەلکی ئازادیخواز نابیت بە هیچ بەهانەو پاساویك فریوبخۆنو برۆن پەنجەمۆری خۆیان بدەن بەو ئایندە تاریکەی بۆیان هەلخراوە.

بەلام گرنگیەکی گەورەتری موقاتەعەکردنو ناکام کردنەوەی ئەم سیناریۆیە لەوەدایە کە هەنگاویکی بەم جۆرە بنەمای ئەم دەسەلاتە کۆنەپەرستانەیە بنکۆل دەکاتو دەرگا بەرووی هەنگاوەکانی داهاتوی بەرەی ئازادیو سکولاریزم لە پیناو کۆتاییهینان بە وەزعی کارەساتباری ئیستا ئاوەلاتر دەکات. ئەگەر لە ئاستیکی زۆر فراواندا خەلك بەرامبەر ئەم گالتەجاریە راوەستنو موقاتەعەی بکەن، دەتوانن هەنگاویکی کارا لە ریگای ناکام کردنەوەی گشت پرۆژەو نەخشەو پلانی ئەمریکاو هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامیو ناسیونالیستەکان هەلگرنو ئاراستەی کۆمەلگاو هاوسەنگی سیاسی بە قازانجی ئازادیو سکولاریزم بگۆرن.

**ئۆکتۆبەر: دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردی ترس لە دووبارە بوونەوەی ئەزموونی 10/15ی ریفراندۆم بۆ دەستوور هەراسانی کردووە... بەتایبەت ترس لە دووبارە بوونەوەی موقاتەعەکردنی هەڵبژاردن لەلایەن لاوانەوە.. بۆیە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی گەورەیان بەرپاکردووەو بە بەردەوامی میشکی خەڵکیان کردووەتە ژێر تۆپبارانی ئیعلامی خۆیانەوە.. وە بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی رازیکردنی لاواندان بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا. بەرپرسانیان سەردانی زانکۆو خوێندنگاو پەیمانگاکان ئەکەن، کۆڕو سیمینار ئەگرن، وەعدەو بەڵێن تەخشانو پەخشان ئەکەنو...تاد. لەلایەکی تریشەوە مەلای مزگەوتەکان لە خوتبەی رۆژانی هەینیو بەرێوەبەری خوێندنگاکانیش لە کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ دایكو باوکی خوێندکاران کە بۆ ئەم مەبەستە سازیانداوە، داوایان لیکردوون بەشداری هەڵبژاردن بکەنو تەنانەت پێیان وتوون دەنگ بەلیستی یەکێتیو پارتی بدەن. بەڕای تۆ ئەم کارانەیان چەندە ئەتوانێ کاریگەر بێت؟**

ریبوار ئەحمەد: هەلبەت ئەوان بە کاریگەری دەزانن بۆیە دەیکەن، ئەوان دەزانن بە تایبەت لاوان گەلیك ئارەزوو ئاواتی پیشیلکراویان هەیە، هەروەها ئەو راستیە چاك دەزانن کە بەرنامەو پلاتفۆرمو دەسەلاتو دەستوری ئەوان بە تایبەتی ناکۆکی توندی لەگەل ئەم ئاواتو ئارەزوانەی لاواندا هەیە، بۆیە روونو راشکاو لەلایەکەوە دەیانەوێ فریویانبدەنو لەلایەکی تریشەوە دەیانەوێ بە توندکردنەوەی فەزای خیزانو کۆمەلگا لە دژیان، ناچاریان بکەن بە دانی پەنجەمۆر.

ئەگینا گومانیك لەوەدا نیە کە بەلینەکانیان پوچە، ئەوان 14 سالە هەتا بلیی هەم کاتی کافیو هەم ئیمکانیاتی زۆروزەبەندیان لەبەردەستبوو، بۆ ئەوەی ئەگەر بیانویستایە تۆزقالیك لەو بەلینانەی ئیستا بە لاوانی دەدەن، بەکردەوە بۆیان جیبەجێ بکەن، بەلام ئەم کارەیان نەکرد. ئیستاش وەکو هەمیشە بەلینی فریوکارانە دەدەن تا نمایشەکەیان تەواو دەبیت، دوای ئەوە وەکو هەمیشە بە لولەی چەکی ئاسایش خواستو دەنگی لاوان سەرکوت دەکەن. ئەگەر تۆزقالیك نیازی پاكو دلسۆزانەیان بەرامبەر لاوان هەبیت، پەنا نابەن بۆ مزگەوتو مەلا تا فەزای خیزان لە دژیان توندبکاتەوە.

بەلینی ئەوان بە لاوان دەبیت چی بیت، خۆیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە میحوەری سەرەکی بەرنامەکەیان، جیبەجێ کردنی دەستورە. ئەو دەستورەش سەرتاپا لەگەل خواستو ویستو ئارەزووی لاوان ناکۆکی کویرانەو لەچارەسەر نەهاتوی هەیە. لە راستیدا ئەوە دەستوری مەلای دیهاتە بۆ بەریوەبردنی دیهاتی نیو سەدە لەمەوبەر، پیادەکردنی ئەو دەستورە هیچی بۆ لاوانو هیچ شانازیەکی بۆ خاوەنەکانی تیا نیە. لاوان ئازادیو خۆشگوزەرانیو شادیو کرانەوەو زانستو هەلتەکاندنی دابو نەریتو قەیدوبەندە کۆنەپەرستانەکانیان دەویت، بەرنامەو دەستوری ئەم هیزانە بە تەواوی بە پیچەوانەی ئەم ئارەزوانەوە حوکم دەکاتو لە جیاتی هەموو ئەمانە دەیانەوێ کۆلیك قەومپەرستیو خاکپەرستیو رقوکینەی قەومی وەکو دەسکەوت دەرخواردی لاوان بدەن، کە تەنها مایەی قایمکردنی دەسەلاتی داسەپاوی خۆیانو کارەساتو نەهامەتیە بۆ خەلکی ئازادیخوازو لە پیشی هەموانەوە بۆ لاوان. بۆیە لاوان کە لە 15ئۆکتۆبەردا سەرقافلەی نمایشی هیزیکی عەزیم بوون دژی داسەپاندنی

دەستوری فاشیانەی قەومی-ئیسلامی، ئەمجارەش نابێ نە بەم پروپاگەندەو بەلینە پوچانە فریو بخۆنو نە مل بەو زەختو زۆرە کۆنەپەرستانەیە بدەن کە دەخریتە سەریان. چاوەروانی ئەوەیە کە دیسان سەرقافلەی (نا)یەکی گەورەتربن بەرامبەر سیناریۆیەك کە دەیەوێ ئەلگۆیەك لە کۆنەپەرستانەترین بەدیلەکانی هاوچەرخ بەسەر ئەم کۆمەلگایەدا داسەپینێ. ئاوات‌و ئارەزوەکانی لاوان لە ریگای ملدانەواندن بۆ ئەم دەسەلاتە دواکەوتوانەیەوە دابین نابیت، بەلکو لە ریگای سەنگەر لیدان لە دەوری داخوازیەکانی خۆیانو بەرامبەر ئەم دەسەلاتە گەندەلە، لە ریگای بەهیزکردنی بەرەی چەپو ئازادیو سکولاریزم، وە سەرئەنجام لە ریگای لەکارخستنو گۆرینی ئەم دەسەلاتە بە دەسەلاتیکی مودیرنو ئازادیخوازو پشتبەستوو بە ئیرادەی راستەخۆی خەلك، دابین دەبیت. ناکریو نابێ لاوان ئەوەندە خۆشباوەربن ئومیدی خۆیان بەوەوە گریبدەن کە ئەگەر بچنەپشتی سیناریۆو پلاتفۆرمی ئەوانەی کە 14 سالە داهاتی وولات تالان دەکەنو نوقمی گەندەلین، ئەگەر پەنجەمۆری خۆیان بدەن بە کۆمەلیك سەرەك عەشیرەتو مەلاو مشەخۆر کە بازرگانی بە چارەنوسو ئیرادەی ملیونەها کەسەوە دەکەن، ئاواتو ئارەزوەکانیان دیتەدی. ئەمە کاریکی خۆکوژانەیەو نابێ بکریت.

**ئۆکتۆبەر: ئەوان لەمڕۆژانەدا کەڵك لە هەموو شتێك وەرئەگرن، ڕۆژانی ڕەشی سەردەمی بەعسو سەرکوتو خوێنڕێژی ئەم ڕژێمە وەبیر خەڵکی دێننەوەو دەیخەنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان، وە بەجۆرێك پێیان ئەڵێن ئەمڕۆی خۆتان لەگەڵ سەردەمی بەعسدا بەراورد بکەن، ئەو ڕۆژانەی کە شوێنێك نەبوو خۆتانی تیا حەشاردەن، ئەو ڕۆژانەی کە نەك هیچ خەبەرێك لەم "ئازادی"یەی ئەمڕۆ نەبوو بەڵکو لەسەر مومارەسەرکردنی سەرەتاییترین ماف‌و بچووکترین وەستانەوە بەڕووی ڕژێم‌و سیاسەتەکانیدا خەڵکی لەسێدارە ئەدرا؟**

**بە خەڵکی دەڵێن، سەرباری هەر گەندەڵی‌و "کەموکورتیەك" ئێمە سەد قاتی بەعس باشین‌و دەبێ دەنگمان پێبدەن، وە دەڵێن ڕاستە کەموکورتیمان هەیە، بەڵام دەسکەوتیشمان کەم نییەو نابێ ئەو دەسکەوتە گەورانە نادیدە بگیرێن‌و لەمبارەیەوە کۆمەڵێك پرۆژەی خەدەمی وەك قیرتاو کردنی کۆمەڵێك جادەو شەقام‌و کردنەوەی باخچەو یاریگاو...تاد بەنموونە دەهێننەوەو دەڵێن بێ ئینسافییە کە بڵێن ئەم حکومەتە هیچی نەکردووە بۆ خەڵك؟**

**تۆ لەمبارەیەوە دەڵێی چی؟**

ریبوار ئەحمەد: بە بروای من خەلك بێ ئینساف نیەو نابیت، ئەگەر بەراستی ئەوان لەم 14 سالەدا ژیانو گوزەرانی خەلکیان باش کردبایە، ئەوە شتیکی مەلموس دەبوو و خەلك دەیبینیو هەستی پی دەکردو ئیستا هیچ کەس بە پروپاگەندە نەیدەتوانی ئەو راستیانە لە چاوی خەلك بشاریتەوە. ئەوان لەم بارەیەوە لۆمەی خۆیان بکەن باشترە بۆ مەرامەکەیان، ئەگەر بلین تا ئیستا نەمانکردوەو لیرە بەدوا دەیکەین، لانی کەم بەم جۆرە رەنگە کەسانیکیان بۆ فریوبدریت. بەلام کاتیك خەلك دەبینن دوای 14 سال تالانو برۆو فەسادیو کۆنەپەرستی سیاسیو پەلکیش کردنی کۆمەلگا بە ناو تراژیدیادا، هیشتا دەیانەوێ راوروتو خراپەکاریەکانیان وەکو دەسکەوت بە خەلك بفرۆشن، ئیتر مانای وایە هەر لە بنەرەتەوە روانگەی ئەوان بۆ خزمەتگوزاریو پیشخستنی ژیانی خەلك لنگەوقوچەو داهاتوش هەر لەسەر ئەم لنگەوقوچیەی خۆیان دەرۆن. ئەگینا خەلك دەزانێ کە ئەگەر چوار جادەشیان قیرتاوکردبیتو دوو پارکیان لیدابیت، ئەمانە پیش هەموو شتیك پرۆژەی پارەکیشانەوەو دزیو تالانی بوون، تا ئەوەی پرۆژەی خزمەتگوزای بن. هەر یەکیك لەم پرۆژانە لایەکی بەرپرسانی ئەحزابی دەسەلاتداری پێ بوە بە فیرعەون. ئەمە خۆ بوختان نیەو هەر قسەی من نیە، خەلك بە ناوو لیست دەیانناسیت. پولی هەژدە جادەیان بۆ جادەیەك تەرخان کردوەو کارەکەشیان بە ووشکەکەلەك کردوە، ئایا ئەمە دەکریت بە خزمەتو دەسکەوت دەرخواردی خەلك بدریت؟!

بەلام ئەوەی کە بۆ فریودانو ناچارکردنی خەلك بە دانی پەنجەمۆر بە خۆیان، رۆژگاری تالو ناسۆری سەردەمی بەعس دەهیننەوە، جیگای سەرسورمان نیە. ئەمە نەریتی ناسیونالیزمی کوردو هەموو هیزو بزووتنەوە کۆنەپەرستانەکانە کە هەمیشە دەبێ خراپتر بخەنە بیرو بەرچاوی خەلك تا خراپەکانی خۆیانیان پی بقەبلینن. ئەمە ئەلگۆ وەرگرتنە لە نەریتە دینیەکانەوە، باسکردن لە تینو ئازاری ئاگری جەهەنم بۆ ئەوەیە کە جەهەنمی واقعی سەر زەوریو زولمو بێمافیو مەحرومیەتی دنیا بە خەلك بقەبلینن. تەنانەت بۆ نیشاندانی باشی خۆیان پیرەوی لەم تیئوریە دەکەن، ئەوان ناتوانن بە بەراورد لەگەل هیچ باشیکدا خۆیان بە باش نیشانبدەن، ناچارن بە بەراورد لەگەل رژیمی درندەو فاشیستی بەعسدا، خۆیان بە باش دەربهینن.

لە راستیدا ئەم جۆرە پروپاگەندانە کەلك وەرگرتنە لە نەهامەتیەکانی رابردوی خەلك بۆ ئەوەی ناچاری بکەن لە داهاتوشدا تەحەمولی نەهامەتی بکات. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان جگە لە نەهامەتی هیچی تریان پی نیە بۆ خەلك، ئەمە پەیامی نەهامەتیهینەرەکانە بۆ خەلك. جا رەنگە بە قسەی خۆیان نەهامەتیەکانیان لەوانەی رابردو کەمتربیت. خەلکی ئازادیخوازی کوردستان ناکریت ئەمە بکەن بە ئاسۆو بەدیلی خۆیان، ئەم خەلکە سالەها دژی بەعس تیکۆشانو قوربانیاندا بۆ ئەوەی بە ئازادیو ژیانیکی شایستە بە ئینسان بگەن، نەك بە بەهانەی نەهامەتیەکانی رابردووی سەردەمی بەعس بەردەوام بێمافیو میحنەتیان بەسەردا بسەپینن. خەلکی ئازادیخواز دەبێ بۆ ژیانی خۆیانو بۆ مافەکانیانو بۆ ئایندەی خۆیان، ئازادیو شادیو خۆشگوزەرانیو ئاواتو ئارەزوەکانی خۆیان بکەن بە پیوانە نەك ئەو محەکە دواکەوتوانەو چەوسینەرانەیەی کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەیانەوێ بەدەستەوەی بدەن. کاتیك بەم پیوانەیە مەسەلەکە هەلسەنگینن ئیتر رۆشنە کە ئەمانە شایستەی حاکمیەتو نوینەرایەتی خەلكو ئیدارەی کۆمەلگانین.

**ئۆکتۆبەر: یەکێتی‌و پارتی دەڵێن، ئەم دەنگانە بۆ کورد چارەنووسسازە، چونکە وەك ئەوەی پێشتری نییەو بۆ چوار ساڵە، وە ئەو پەرلەمانەی کە هەڵیدەبژێرێت دەبێت زیاد لە پەنجا بڕیاری گرنگ بۆ وردکردنەوەی خاڵەکانی دەستووری پەسەندکراوی عێراق دەربکات، بڕیار لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان ئەدات بۆ ماوەی ئەم چوار ساڵەو...تاد. بۆیە ئایندەو چارەنووسی ئێمەو نەوەکانیشمان بەم هەڵبژاردنەوە بەندە، ئاستی گوزەران‌و خۆشگوزەرانیمان بەم هەڵبژاردنەوە**

**بەندە؟ دەڵێن ئەگەر دەتانەوێ گوزەرانتان باشبێت‌و مووچەتان زیادبێت دەبێ دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن؟ دەڵێن نابێ هیچ کەموکوڕییەکی ئیدارەکانی کوردستان وا لە خەڵکی بکات کە لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە نەتەوەیی‌و تەنانەت دینییەدا کەمتەرخەمی بکرێت!**

**وە هەندێك کەسیش دەڵێن هەرچۆنێك بێت سەرکەوتنی هاوپەیمانی کوردستان، بەمانای بەهێزکردنی بەرەی مەدەنییەت‌و پێشکەوتنخوازییە لە سەرتاسەری عێراقدا، بۆیە دەنگی پێدەدەین. دەڵێن هەرچۆنێك بێت ئەمان لەچاو هێزە ئیسلامی‌و پڕاوپڕ عەشایەری‌و تائفییەکانی دیکەی عێراق مەدەنی ترن.. دەڵێن چاوگێڕانێکی خێرا بە کوردستاندا ئەم جیاوازییەی نێوان ئەم دەسەڵاتەو دەسەڵاتی جنوب ئەسەلمێنێ؟**

ریبوار ئەحمەد: ئەمانە سەرتاپا بەهانەی پوچ‌و فریوکارانەن. دەستورەکەیان خۆی چیە تا وردەکاریەکان‌و پیادەکردنی بکریتە ئامرازیك بۆ سەرمەست کردنی خەلك. ئەوان لە باشترین حالەتدا بەلینی پیادەکردنی ئەو دەستورە دەدەن، من دەلیم ئەمە خۆی کارەساتە بۆ خەلکی کوردستان، یەکیك لە مەرجەکانی بەدیهاتنی ئازادی‌و ئامانجەکانی خەلکی کوردستان تیهەلدان‌و لە گۆرنانی ئەم دەستورەیە نەك جێبەجێ کردنی. دەستوریك لەسەر بناغەی شەریعەتی ئیسلامی‌و قەومپەرستی‌و پیاوسالاری‌و هەلاواردنی جنسی‌و کۆنەپەرستی داریژرابیت، دەستوریك کە ئەمسالی سیستانی‌و حەکیم ستایشی بکەن چی بۆ خەلك‌و ژنان‌و لاوانی مودیرنی کوردستان تیایە، تا خەلك لە پیناویدا لیبوردنی هەبیت‌و فەسادی‌و تالان‌وبرۆو تاوانکاری 14 سالی ئەم حیزبانە لە بیربەریتەوە.

ئەم شیوازەی ناسیونالیزمی کورد بەدەستەوەی گرتووە، هەمان شیوازە کە هیزە ئیسلامیەکانی عیراق‌و ناسیونالیستە عەرەب‌و تورکمانەکانیش بە هەمان شیوە بەکاری دەبەن. هەریەکە دەیەوێ بە ناوی بەشی "میللەت‌و پیرەوانی دینیکەوە" خواست‌و مافە راستەقینەکانی خەلك لە بیربەرنەوەو فریویانبدەن. بەم جۆرە هەریەك لەم هیزە بورژوازیە قەومی‌و دینیانە دەسەلات‌و بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی خۆیان لە پشتی بەرژەوەندی "میللەت‌و دینیك"ەوە حەشار دەدەن‌و لەسەر ئەم بناغەیەش هاولاتیان لەبەرامبەر یەکتری رادەگرن‌و بە ناوی "مافی دین‌و نەتەوەوە" بەش بۆ خۆیان دادەبرن. بەلام چ شتیك لەوە بەلگە نەویستره کە مافی خەلکی ستەمدیدەی بصرەو بەغداد، ئەمرۆ پیش هەموان لە سکی حەکیم‌و جەعفەری‌و مافی خەلکی کوردستان پیش هەموان لە سکی تالەبانی‌و بەرزانیدایە، نەك بە پیچەوانەوە. لە کاتیکدا هەریەك لەمانە خۆیان کردوە بە نوینەرو دەمسپی ئەو خەلکەو دەیانەوێ سەرنجی خەلك بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان بەرن بۆ منافەسەو رقبەری لەگەل ئەو خەلکانەی کە ناسنامەی نەتەوەو دینیکی تریان بەسەردا دابریون. ئەمە سیناریۆی مەحرومیەت‌و بیدەرەتانی‌و نەهامەتی خەلکە، خەلك نابیت لەم یاریە حەقیرانەیە بەشداری بکات، خەلکی عیراق‌و کوردستان نابێ بەم پروپاگەندە دارزیوانە فریوبخۆن، ئازادی هەموویان‌و دەستەبەربوونی ئارەزوەکانی هەموویان لە هاوپشتیاندایە بۆ بەشکست کیشانی گشت ئەم سیناریۆیەو خاوەنەکانی.

لە بارەی ئەوەی کە پەرلەمانی داهاتوو بریار لەسەر بودجەی کوردستان دەدات‌و بۆ ئەم مەبەستەش پیویستە لیستی ناسیونالیزمی کورد نوینەرایەتیەکی بەهیزی هەبیت لەو پەرلەمانەدا، لە هەموو پروپاگەندەکانیان سەرنج راکیشترە. زیادکردنی بودجەی هەریمی کوردستان‌و دانانی لەبەردەستی کۆمەلیك حیزبی نوقم بوو لە گەندەلی‌و تالانچیدا، چ بایەخ‌و دەسکەوتیکی بۆ خەلك هەیە. گوایە تا ئیستا کیشەی نەداری‌و برسیتی‌و هەژاری‌و نەبونی خزمەتگوزرایەکان‌و کەمی موچە لە کوردستان، کەمی بودجە بووە، لە کاتیکدا خەلك هەموو ئەو راستیە دەزانن کە ئەحزابی حاکم‌و سەرانیان لە نیو داهات‌و سەروەتدا غەرق بوون، گرفتەکە لەوەدایە ئەم داهاتە دەستی تالانچیان‌و دەسەلاتیکی گەندەل کەوتوە. بۆیە زیادکردنی بودجە کیشەکە چارەسەر ناکات بەلکو بەسەریدا بازدەدات‌و وەکو خۆی دەیهیلیتەوە، زیاد کردنی بودجە لە سایەی دەسەلاتیکی گەندەلدا، تەنها گیرفانی تالانچیان پرتر دەکات. ئەمە بەلگەیەك نیە کە خەلك لە پیناویدا بەشداری گالتەجاری هەلبژاردن بکات‌و دەنگ بە لیستی تالانچیان بدات.

کاتیك بەشداری‌و دەنگدان وەکو ئەرکیکی نەتەوەیی‌و دینی بەسەر خەلکدا فەرز دەکەن، نیشانەی ئەوەیە کە ئەمانە لە گەندەلترین‌و دواکەوتوانەترین نەریت‌و شیواز کەلك وەردەگرن بۆ وەرگرتنی پەنجەمۆری خەلك. ئەم حیزبانە چەند جارو تا کەی دەیانەوێ بەم قسە پروپوچانە دەسەلاتی خۆیان بەسەر خەلکدا داسەپینن. زۆر روون‌و ئاشکرا ئەوان خەلك بە گیل‌و نەفام دەزانن‌و دەیانەوێ بە کۆمەلیك فروفیشالی کۆنەپەرستانە فریویان بدەن. ئەرکی "نەتەوەیی‌و دینی" خۆیان ئەوەیە کە یاری بە چارەنوسی خەلك بکەن‌و داهاتی وولات بە تالانبەرن‌و جەماوەری ملیونی خەلك بۆ سەرەتاییترین پیداویستی ژیانی رۆژانە موحتاج بکەن، ئەرکی "نەتەوەیی‌و دینی" خەلکیش ئەوەیە کە ئەمانە لەبەرچاو نەگریت‌و دیسانەوە بەشداری گالتەجاریەکانیان بکات‌و دەنگ بەوان بداتەوە!! منیش دەلیم ئەرکی ئینسانی‌و ئازادیخوازانەی هەموو هاولاتیانە کە بۆ بنکۆلکردنی دەسەلاتی داسەپاوو کۆنەپەرستانەو فاسدو میلیشیایی ئەم حیزبانەو هەنگاوهەلگرتن لە ریگای ئایندەیەکی شادو ئازاددا، ئەم گالتەجاریە موقاتەعەو ریسواو ناکام بکەنەوە.

دەربارەی ئەوەی کە لیستی هاوپەیمانی لە لیستەکانی دیکە پیشکەوتوانەترەو گوایە بەسەرکەوتنی ئەم لیستە "بەرەی مەدەنییەت‌و پیشکەوتنخوازی لە سەرتاسەری عیراقدا بەهیزتر دەبیت"، ئەمەش ئیدعایەکی پوچە. چونکە ئەگەر چاو لە تەرکیبەی لایەنەکانی بکەین، وەکو هەموو لیستەکانی تر پیکهاتیکی قەومی‌و ئیسلامی‌و عەشیرەتی هەیە. ئەگەر چاو لە پلاتفۆرمەکەی بکەین، میحوەرەکەی وەکو پلاتفۆرمی حەکیم‌و جەعفەری بریتیە لە دەستوری فاشیانەی قەومی‌و ئیسلامی‌و هیچ بۆن‌و بەرامیکی پیشکەوتنخوازی‌و مەدەنیەتی تیا نیە. ئەگەر چاو لە کارکردو میژووی هەر لایەنیکی ناو ئەم لیستە بکەین سەرتاپا یان بەرگری توندبوە لە کۆنەپەرستی‌و پیاوساری‌و داب‌و نەریتی عەشایەری‌و دینی، یان پاساو هینانەوەو پاکانە بووە بۆ ئەو کۆنەپەرستیانە. هیزە پیکهینەرە ئەصلیەکانی هەر دوینێ بوو کە لەگەل کۆنەپەرستانەترین‌و ملهورترین بەرەی ئیسلامی شیعەدا هاوپەیمانی کرد. کۆمەلی ئیسلامی لە نیویاندا تازەیە کە رووە قانونیەکەی جوندی ئیسلامە. بۆیە پیناسەی مەدەنیەت‌و پیشکەوتنخوازی گونجاوی ئەم لیستەو هیزەکانی نیە. هیچ خواست‌و دروشم‌و بەندیکی پیشکەوتنخوازانەیان نیە، نە بۆ لاوان نە بۆ کریکاران نە بۆ ژنان نە بۆ خەلکی موتەمەدن، ئەوەی بە ناوی ماف‌و خواستەکانی "گەلی کوردو نەتەوەی کوردەوە" دەرخواردی دەدەن، سەرجەم شتیك نین جگە لە بەرژەوەندی‌و مەرام‌و بەشەدەسەلاتی خۆیان. گریمان ئەو بەراوردە لە نیوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان‌و لیستەکانی تردا واقعیەتیشی تیابوایە، بەلام ئەو تئیوریە هەر لە بنەرەتەوە

کۆنەپەرستانەو ناکۆکە بە ئازادیو بەرژەوەندیەکانی خەلك کە لە نیو خراپو بەدیلە کۆنەپەرستانەکاندا دەگەرێ بۆ ئەوەیان کە خراپی لەوانی تر کەمترە. ناکرێ ئومیدی خەلك بە کەمتر خراپی ناو خراپەکانو بەدیلە رەشەکانەوە گریبدریت. هیچ یەك لەمانە نوینەرایەتی خواستو ویستو شادی خەلك ناکەن.

**ئۆکتۆبەر: هەندێك کەس نەك لەبەر باشیی یەکگرتووی ئیسلامی، بەڵکو لە رقی یەکێتیو پارتیو گەندەڵیی ئیدارەکانیان دەڵێن دەنگ بە لیستی یەکگرتوو ئەدەین.. ئەمانە دەڵێن تەنها یەکگرتووی ئیسلامیە کە خۆی وەك مونافیسی جدی یەکێتیو پارتیو لەدژی گەندەڵیی ئیدارەکانیان بەلیستێکی جیا لەوان تەرح کردووە، دەڵێن هەرچۆنێك بێت رەنگە ئەوان باشتر بن.. هەروەها هەندێکی تر وەك جۆرێك لە شەیداییان بۆ دیموکراسی دەڵێن دەنگ بۆ یەکگرتوو ئەدەینو بەمە مونافسێك بۆ یەکێتیو پارتی دروست ئەکەین کە دەستی ئەوان ئیتر ئاوا ئاوەڵا نابێت بۆ دزیو راووروتو گەندەڵیو ئەمە جۆرێك لە فرەییو دیموکراسیو ململانێی سوودبەخش بۆ خەڵکی دێنێتە ئاراوە. یەکگرتوو خۆیشی ئەڵێت ئێمە بە دابەرزینمان بە لیستێکی سەربەخۆ خزمەتێکی گەورەمان تەنانەت بە یەکێتیو پارتیش کردووە، چونکە بازاڕی ساردو سڕی هەڵبژاردنمان گەرم کردووەو ئەمە زۆرێك لەوانەی کە بەتەمای دەنگدان نین پەشیمان دەکاتەوەو وایان لێدەکات بەشداری بکەن. رای تۆ چیە؟**

ریبوار ئەحمەد: ئەمانە هەموو شیوازەکانی یاری کردنی ئەم هیزانەن بە مەزاجو شعوری خەلك، پیشتر باسم کرد کە ئەم هیزە قەومی ئیسلامیانە خۆیان هیچ باشیەکیان نیە تابە مەلموسی نیشانی خەلکی بدەن، بۆیە هەمیشە نیشاندانی خراپی رەقیبەکانیان دەکەن بە مەحەکی باشی خۆیان. بەبروای من گەورەترین هەلە ئەوەیە خەلك لە رقی یەکیتیو پارتی بەشداری ئەم گالتەجاریە بکاتو دەنگ بە ئیسلامی سیاسیو یەکگرتوو بدات. ئیسلامی سیاسی بەدیلیکی چەند بەرابەر کۆنەپەرستانەترو خەتەرناکترە لە ناسیونالیزمی عەشیرەتیی کورد.

یەکگرتووی ئیسلامی جگە لەوەی لە بنەرەتەوە هیزیکی گەندەلو کۆنەپەرستە، لە چەندین سالی رابردوودا یەکیك بوە لە کۆڵەکەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی لە کوردستان کە مینبەری مزگەوتەکانو میدیاکانی بۆ پەخشانەوەی فتوای تیرۆر خستەکار، لایەنیکی راوەستاوبوو لە پشتی تیرۆری ژنانو پرژاندنی تیزاب بەسەر دەستو قاچی ژنانی مەدەنی پۆشدا، یەکگرتوی ئیسلامی پەیامی کۆیلاتیو ئیغتصابی ژنانو خنکاندنی ئارەزوەکانی لاوانو سەربرینی مەدەنیەتی هەلگرتووە. یەکگرتوی ئیسلامی ئەو لایەنەبوو کە لە دەورانی سەختی گرانیو برسیتیدا بە مشتیك زەخیرە شعوری خیزانە هەژارەکانی دەکریو مندالانی راپیچی حوجرەکان دەکرد. یەکگرتوو لە چەندین سالی رابردوداو تا ئیستاش خۆی بەشیکە لەو دەسەلاتە گەندەلەی کە حوکمی کوردستان دەکاتو ناتوانێ قیناعی دژی گەندەلی لەسەر بکات. یەکگرتوی ئیسلامی هەر سێ مانگ لەمەبەر بوو کە بەلگەنامەی سەرکوت کردنی خۆپیشاندانی دژی گەندەلی خەلکی کەلاری بۆ یەکیتی نیشتمانی ئیمزاکرد. داوا دەکەم هەر لەم ژمارەیەدا ئەو بەلگەنامەی شەرمەزاریە بلاوبکەنەوەو وەبیرخەلکی بهیننەوە. یەکگرتوو چەند سالە خۆی لە دەسەلات شەریك کراوەو لەم چەند سالەدا نەك لە بواری فەسادیو خزمەتگوزاریدا مونافسی یەکیتیو پارتی نەبوە بەلکو هاوکارو هاوپەیمانیان بووە.

ئەم یاریە حەقیرانەیە بە مەزاجو شعوری خەلك کە وەکو فرەییو دیموکراسیو ململانێی سودبەخش بۆ خەلك دەرخواردی خەلك دەدریت، تەنها دەتوانێ خەیالپلاوی کەسانیك بیت کە دەیانەوێ هەر جۆریك بووە خەونەکانیان بە دیموکراسیەوە بێتەدی، ئیتر ئەوە گرنگ نیە ئەمە چۆن لەسەر ئەرزی واقع بەسەر کۆمەلگادا دەشکیتەوە. ئەم خەو بینینە یە دیموکراسیەوە هیچ پەیوەندیەکەی بە بەرژەوەندیو سودی خەلکەوە نیە. چوونی هیزیکی کۆنەپەرستو تیرۆریستو گەندەلی دیکە بۆ ناو دەسەلات، رەنگە بۆ کەسانیکی سەرلیشیواو مایەی دلنەوایی بیت بە پیادەبوونی دیموکراسی، بەلام ئەنجامی ئەم جۆرە دیموکراسیە بۆ خەلك تەنها مایەی کۆنەپەرستیو گەندەلیو مەحرومیەتی زیاترە. یەکگرتووی ئیسلامی ئەگەر منافەسەیەکیشی لەگەل یەکیتیو پارتی هەبیت، بە هیچ شیوەیەك لەسەر مافی خەلكو سودی خەلكو خواستی خەلك نیە، بەلکو منافەسەیەکی کۆنەپەرستانەیە، منافەسەیە لەسەر داسەپاندنی کۆنەپەرستیو بێ مافی زیاتر. خەلك نابێ بن بە لایەنیکی ئەم مونافەسە کۆنەپەرستانەیە، بەرەی خەلك جیاوازو سەربەخۆیەو لەبەرامبەر هەردوکیانە.

**ئۆکتۆبەر: زۆرجار خەڵکی لەوەڵامی ئەوانەی کە پێیان ئەڵێن مەچن بۆ دەنگدان، دەڵێن ئێمەش وەزعەکەمان پێخۆش نییە، ئێمەش ئەوانەمان قبووڵ نییە کە دەنگیان پێدەدەین، بەڵام چی بکەین، چارە چییە؟ ئەگەر دەنگ نەدەین کارەکەمان ئەڕژێتە گیرفانی ئیسلامییە تیرۆریستەکانو پاشماوەکانی بەعسەوە. ئەگەر ئەم "پرۆسە دیموکراتیە"ی ئەمەریکا شکست بخوات ئەوان سواری سەرمان ئەبنو وەك ئەفغانستانی ژێردەستی تاڵیبانمان لێئەکەنو کارێکمان پێئەکەن کە کەس بە خەونیش نەیدیبێت یان ئەوەتا بەعس دێتەوە. تۆ لەمبارەیەوە چی ئەڵێیت؟**

ریبوار ئەحمەد: هاتنەوەی بەعس پیم وانیە تازە هەرەشەیەك بیت بکریت خەلکی پی بترسینریت، لانی کەم ئەمجارە بەهانەی ئەوەش کە دەنگنەدان دەرژیتە گیرفانی ئیسلامیە تیرۆریستەکانو پاشماوەکانی بەعسەوە زەمینەی نیە، چونکە نوینەرایەنی ئەو بەرەیەش ئەمجارە هاتونەتە ناو ئەم یاریەوە. بۆیە بە پیچەوانە موقاتەعەی ئەم گالتەجاریە هاوکات مانای موقاتەعەی سیناریۆیەکە کە ئەوانیش بۆ هاتنەوە بۆ ناو دەسەلات دەیانەوێ کەلکی لی وەرگرن. پیم وایە دوای دووسال بەسەر "پرۆسە دیموکراسیەکەی"ئەمریکادا، هەروەکو ئیمە پیشبینیمان کردبوو، بە کردەوە دەرکەوتوە کە ئەو پرۆسەیە خۆی پرۆسەی بە ئەفغانستان کردنی عیراق بوو، لەبارترین زەمینەی سازکردووە بۆ پەرەسەندنو قولبونەوەی تیرۆریزمی ئیسلامیو رۆژانەش کارەساتەکە بەرەو قولبونەوەی زیاتر دەبات. ئیتر ئومید گریدانەوە بە پرۆژەی ئەمریکا خەتایەکی هەرکەسیکە بەرامبەر بە خۆیو کۆمەلگاکەی.

بەلام چی کردن؟ تا ئەوجیگایەی کە بە خەلکی کوردستان دەگەریتەوە، لە ئیستادا هەنگاوی یەکەم بۆ دوورکەوتنەوەیان لە هەرەشەی سەرکوتو پلەدوویيو کارەساتەکانی رابردوو، لە هەرەشەی تیرۆریزمو شەریکی تیرۆریستی کە بالی بەسەر عیراقدا کیشاوە، لە هەرەشەی بە ئەفغانستان بوونی کوردستان،... بەرگرتنە لە

لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە. ئەم لکاندنەوەیەش خالی میحوەریو سەرەکیو هاوبەشی پلاتفۆرمی ئەو لیستانەیە کە خۆیان وەکو نوینەری خەلکی کوردستانو مافەکانیان هەلخستووە، دەنگدان بەوان خۆبەخۆ دەرژیتە ئاشی لکاندنەوەی کوردستان بە دەولەتیکی شۆفینیستو قەومپەرستو ئیسلامیەوە کە خەریکە لە مەرکەز دادەسەپینریتو کوردستان دەخاتە بەردەم هەموو ئەو هەرەشە ترسناکانەی لە پیشەوە باسم کرد.

خەلکی کوردستان دەبی پرۆژەی بەزۆر لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە دوچاری شکستو ناکامی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ نەك هەر بەشداری گالتەجاریەك نەکەن کە دەیەوێ ئەم پرۆژەیە پیادە بکات بەلکو دەبێ بۆ لە کارخستنی دەوری ئەو هیزانە پێ ببنینە مەیدان کە خەریکی پیادەکردنی ئەم پرۆژەیەن. دەکریت رۆژی 15ی دیسەمبەر بە موقاتەعەی فراوانی گالتەجاری هەلبژاردنو نەهاتنەدەرەوە لە مالان، سیاسەتی لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە بنکۆل بکریت، دەکرێ نارەزایەتیەکی جەماوەری گەورە دژی پیشیلکردنی ئیرادەی خەلکی کوردستان نیشانی دنیا بدریت. هەنگاوی دووەم هاتنەمەیدانە لە دەوری خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتیکی مودیرنو سکولارو پیشکەتوانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەلك، هەر لیرەشەوە دەکریت کۆمەلگای کوردستان لە رکیفی دەسەلاتی عەشیرەتی- ئیسلامی- میلیشیایی ئیستا دەربهینریت. ئەمە لە هەمانکاتدا پلاتفۆرمی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقە بۆ ئیستای کوردستانو خەلك دەتوانن لە دەوری کۆبنەوەو بەدەستەوەی بگرنو وەکو بەدیلی رزگاری بەخشی خۆیان بەهیزی بکەن. هەنگاوی یەکەم واتە موقاتەعەو ناکام کردنەوەی گالتەجاری هەلبژاردن، بوارو دەرگا بەرووی هەنگاوی دووەمدا دەکاتەوە. بانگەوازی من بۆ جەماوەری خەلکی کوردستان ئەوەیە کە بە پیرەوکردنی ئەم هەلویستە ئیرادەی خۆیان راستەوخۆ لە پیناو ئایندەو چارەنوسیکی درەخشان بۆ خۆیانو کۆمەلگاکەیان بەکاربخەن. هەلبژاردن موقاتەعە بکەنو داوای جیابونەوەی کوردستان بکەن.